# پرۆژەی
# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
# بۆ چاکسازی

YNDK بە بایەخەوە لە رەوشی ئەمڕۆی کوردستان دەڕوانێتو وای دەبینێت کە کوردستان لە رەوشێکی زۆر هەستیارو ناسك دایەو لە زۆر لاوەش هەوڵدەدرێت بە سوود وەرگرتن لەم رەوشە بارودۆخی کوردستان ئاڵۆز بکرێت، ئەمەش زیانێکی زۆر بە باری ئاسایشی کوردستان دەگەیەنێتو مەترسییەکی گەورەشە بۆ سەر ئاییندەی نەتەوەییمان، جەماوەری کوردستان گلەیی و گازاندەیەکی زۆری لە کەمی خزمەتگوزارییەکانو ناعەدالەتیو بوونی گەندەڵی هەیەو هەست بەوە دەکات کە پەراوێز خراوەو گوێی لێناگیرێت، بۆیە بۆ دەربازکردنی ئەم رەوشەو باشترکردنی ژیانو گوزەرانی خەڵكو نەهێشتنی گلەییەکان پێویستە بە زووترین کات چاکسازی ئەنجام بدرێت بۆ ئەمەش پێویستە ئیرادەیەکی سیاسی بەهێزمان هەبێت بۆ وەرگرتنی بڕیاری پێویست لە هەر بوارێکدا کە پێویست بکات.

بۆ ئەم مەبەستە ئێمە وەکو YNDK بەرنامەی هەمە لایەنی خۆمان لەرووی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو پەروەردەو رۆشنبیرییەوە دەخەینە روو:

## لەبواری سیاسیو نەتەوەییدا:

- کارکردن بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی لەکوردستانو پێکهێنانی لیژنەی نەزاهە لە کەسانی شارەزاو دەستپاك بۆ ئەم مەبەستە.

- چاككردنی بواری خزمەتگوزاری ئاوو كارەباو ڕێگاوبان لەتەواوی شارو شارۆچكەو دێهاتەكانو بايەخدان بە ئاوەدانكردنەوەی دێهاتەكانی كوردستان.
- جياكردنەوەی دەسەلاّتی حيزب لە دەسەلاّتی حكومەتو نەهێشتنی تەزكييەی حيزبی بۆ دامەزراندن لە فەرمانگە حكومييەكاندا.
- كاركردن بۆ جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەميشەيی عێراق بۆ گەڕانەوەی كەركوكو مەخموورو خانەقينو شنگالّو شێخانو بەدرەو جەسانو تەواوی ناوچە دابڕاوەكان بۆ سەر ئيدارەی حكومەتی كوردستان.
- ڕەخساندنی هەلّو مەرجی كارو دامەزراندن بەشێوەيەكی يەكسان لەبەردەم هاولاّتيانی كوردستان بێ گوێدانە ئينتيمای نەتەوەيیو مەزهەبی.
- ئەنجامدانی گۆڕانكاری لە حكومەتو يەكخستنەوەی حكومەت بەكردەيیو نەهێشتنی دياردەی دوو ئيدارەيیو پێكهێنانی حكومەتێكی تەكنۆكراتی بنكە فراوان، كەحكومەتی هەموو خەلّكی كوردستان بێت.
- چەسپاندنی بنەماكانی ئازادیو ديموكراسیو دادپەروەریو سەروەری ياسا.
- كاركردن بۆ نەهێشتنی دەستێوەردانی ئەقليمیو ڕاگرتنی هەموو ئەو پێشێلكارييە سنوورييانەی دەرهەق بەكوردستان دەكرێت.
- پەسندكردنی دەستووری كوردستانو دەنگدانی جەماوەر لەسەر دەستووری كوردستان.
- بەستنی كۆنگرەی نەتەوەيی كوردستان بە بەشداری تەواوی هێزو لايەنە سياسييەكانی هەر چوار پارچەی كوردستان بۆ دارشتنی ستراتيژێكی يەكگرتوو بۆ بزاڤی ڕزگارخوازی نيشتمانی كوردستان لەسەر ئاستی كوردستانی گەورەدا.
- بەرەنگاربوونەوەو دژايەتيكردنی هەموو هەولّو پيلانەكانی ڕژێمە داگيركەرەكانی كوردستان بۆ گۆڕينی ناسنامەو سڕينەوەی مۆركی نەتەوەييمان.
- جياكردنەوەی دەسەلاّتەكان (پەرلەمان، حكومەت، دادوەری) لەيەكتری لەسەر بنەمای لەيەكتر جياكردنەوەی دەسەلاّتەكان بەكردەيی.
- كاركردن بۆ دادگايی كردنو بەسزا گەياندنی تاوانبارانو بەشداريكەرانی تاوانی ئەنفالو جينۆسايدكردنی نەتەوەكەمان.
- كۆكردنەوەی نيشتمانپەروەرانو ولاّتپارێزانی كوردستان لەژێر يەك چەتری نەتەوەييدا.

- وشياركردنەوەی جەماوەر لەڕێی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بۆ پاراستنی دەستكەوتە نەتەوەییەكانی گەلی كوردستان.

## لەبواری ئابووریدا:

- نەهێشتنی دیاردەی قۆرخكردنی بازاڕو بواری كاركردن .
- دابینكردنو بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵكی كوردستانو بەكارهێنانی داهاتەكانی حكومەتی كوردستان بۆ ئەم مەبەستەو، دانانی یاسایەك لە لایەن پەرلەمانی كوردستانەوە بۆ دابینكردنی بیمەی كۆمەڵایەتی .
- بوژاندنەوەی كەرتی تایبەت بەشێوەیەك كە خزمەتی گشتی پێبكرێت.
- كەمكردنەوەو ڕێكخستنەوەی كرێی خانووبەرەو شوێنی نیشتەجێبوون.
- بایەخدان بەچاككردنی گوزەرانی خانەنشیان .
- گرنگیدان بەكەرتی گەشتو گوزار.
- بوژاندنەوەی بازرگانی ناوخۆو گرنگیدان بەبەروبوومی خۆماڵی.
- بوژاندنەوەی كەرتی كشتوكاڵو ئاودێری .

## لەبواری كۆمەڵایەتیدا:

- زیاتر بایەخدان بەكەس‌وكاری شەهیدانو ئەنفالكراوەكانو كەم ئەندامانو قوربیانیانی چەكی كۆكوژ.
- هاوكاریكردنی لاوان بۆ پێكهێنانی خێزانو دابینكردنی شوێنی نیشتەجێ بوونیان.
- گرنگیدان بەباری تەندروستی كۆمەڵ.
- دابینكردنی دادپەروەریو یەكسانی بۆ هاوڵاتیانی كوردستان.
- دابینكردنی هەلی كاركردن بۆ هاوڵاتیانی كوردستان دوور لە تەزكییەی حیزبی.
- كاركردن بۆ نەهێشتنی توندو تیژی دژ بەئافرەتانو كاراكردنی ڕۆڵیان لەكۆمەڵگەدا.
- گرنگیدان بەدابینكردنی ژیانو پێداویستییەكانی لاوانی كوردستانو فەراهەمكردنی هۆكارەكانی پێشكەوتنیان.

- زامنکردنی مافەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کاسبکاران و هەموو ئەوانەی کەداهاتی سنووردداریان هەیە.
- دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو هاولاٚتییانەی بیٚ جێگەن.

## لەبواری پەروەردەو رۆشنبیریدا:

- بایەخدان بەژیان و گوزەرانی مامۆستایان و ئەوانەی لەکەرتی پەروەردەدا کاردەکەن.
- بایەخدان بەقوتابخانەکان لەرووی بیناکردن و نۆژەنکردنەوەدا.
- بایەخدان بەکەرتی پەروەردەو فێرکردن و ئاسانکاری بۆ خوێندەڤانان .
- کارکردن بۆ زیاتر دەستەبەرکردنی ئازادی بیرو راو نووسین.
- هاوکاریکردنی رۆشنبیران و نووسەران بۆ بەچاپگەیاندنی نووسین و بلاٚوکراوەکانیان.
- کارکردن بۆ زیاتر خزمەتکردنی نووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەنووس و هونەرمەندان.
- گرنگیدانی زیاتر بە وەرزش لەکوردستاندا.

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

**٢٠١١/٢/٢٢**